Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-31

# کاریگەریی یاسایی وسیاسیی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان

**یاسین ئاشوور جەوهەر[١]، دڵشاد عەلی محمود[٢]**

١- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان - عێراق
٢- کارگێڕی کار، پەیمانگای تەکنیکی کەلار، زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | May, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Agust, 2025 |

**Keywords**

**دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، هەرێمی کوردستان، یاسای نەوت و گازی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.**

**Corresponding Author**

Yasin.ashur@garmian.edu.krd
kkdlshadali@gmail.com

## پوختە:

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە یەکلاییکردنەوەی زۆرێک لەو پرسە دەستوورییانەی دەخرێنە بەردەستی. ئەوەی تایبەت بەهەرێمی کوردستان: دادگاکە رۆڵی سەرەکی بینیوە لەچارەسەرکردنی هەندێک لەو دۆسییە گرنگانەی کە لەنێوان حکومەتی عێراق فیدراڵ وهەرێمی کوردستان هەبوون، لەوانە بڕیاردان لەسەر نادەستوری بوونی یاسای یاسای ژمارە٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و، یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠١٩، لەگەڵ بڕیاردان لەسەر چارەسەرکردنی پرسی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. دەرئەنجامی ئەو بڕیارانەی دادگای باڵای فیدراڵی چەندین کاریگەری یاسایی و سیاسیی لەسەری هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ باسکردن و شیکردنەوەی کاریگەریی یاسایی وسیاسیی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتووە وەک: زیادەڕەوییکردنی دادگای باڵای فیدراڵی لەپسپۆری خۆی سەبارەت بەهەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق. هەروەها کاریگەری لەسەر جوگرافیای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان کە، لە یەک بازنەی هەڵبژاردنەوە بوو بە چوار بازنەی هەڵبژاردن. ئەمە جگە لەکەمکردنەوەی ژمارەی کورسیی پێکهاتەکان لەپەرلەمانی کوردستان.

لەهەمان کاتیشدا توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەکی خستوەتەروو وەک: دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای دەستوری عێراق. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ بە بانکیکردنی (توطین) کردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەو بانکە فیدراڵیانەی کە باوەڕپێکراون.

## پێشەکی:

بەگوێرەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان -عێراق هەرێمێکی فیدراڵییە. لەسەر بنەمای دەستور، هەر سێ دەسەڵاتی؛ یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی، لەسنوری هەرێمی کوردستان- عێراق دەسەڵات وپسپۆری خۆیان جێبەجێ دەکەن دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکانی تیادا دامەزراوە. پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵیی لەبەغداو هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی رێکخراوە. هاوکات بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو ململانێ دەستورریەکان و شیکردنەوەی دەقەکانی دەستور ودەستەبەری ماف وئازادی هاوڵاتیان، بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان دەسەڵاتەکان و رێگری لەدەستدرێژیی هەر دەسەڵاتێک بۆ سەر ئەویتر، دادگای باڵای فیدراڵی دروستکراوە. مەبەستیش لەبوونی دادگای فیدراڵی ئەوەیە کە؛ وەک باڵاترین دەستەی قەزایی لەکاتی بوونی کێشەو ململانێ نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان و پارێزگاکانی رێکنەخراو لەهەرێمێکدا، بڕیار لەسەر ئەو پرسانە دەدات و یەکلایان دەکاتەوە.

هەڵبەتە بوونی دادگای فیدراڵی باڵا لەناو هەموو سیستەمێکی فیدراڵیدا پایەیەکی سەرەکی تەواوکردنی سیمای تەواوەتی ئەو سیستەمەیە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە باس وشیکردنەوە بۆ هەندێک لەو بڕیارانەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستان بکات و کاریگەری یاسایی وسیاسیی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی بخاتە روو.

## کێشەی توێژینەوەکە:

بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق تایبەت بەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بڕیاری نادەستوریی دانانی یاساو نەوتی گازی هەرێمی کوردستنا- عێراق ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧و بە نادەستوریی دانانی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و یاسای درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕیاردان لەسەر مووچەی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پرسی بە نیشتیمانیکردن (توطین)ی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆران، کاریگەری یاساییو سیاسیی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکرد. لێرەوە ئەم توێژینەوە دەیەوێت وەڵامی ئەو کێشەیە بداتەوە کە؛ کاریگەریی یاسایی و سیاسیی کە ئەو بڕیارانە لەسەر هەرێمی کوردستان- عێراق دروستیکردووە، کە ئەمانە گرنگترین پرسیارەکانی توێژنەوەکەن:

١- ئەو بڕیارانەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کامانەن کە زۆرترین کاریگەریان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە؟

٢- کاریگەری یاسایی و سیاسیی ئەو بڕیارانە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان چین؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

لەبەر رۆشنایی پرسیارەکانی سەرەوەدا دەتوانین گریمانەی توێژینەوەکە بەمشێوەیە دابڕێژین کە؛ بڕیارەکانی دادگای باڵا فیدراڵی لە رووی یاساییەوە توانای هەرێمی کوردستان سنوردار دەکات، هەروەها لە رووی سیاسیشەوە هێزی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە دەستورییەکانی لە بەردەم بەغدا لاواز دەکات وهانی هێز کوردییەکان دەدات کە لە کاتی هەر کێشەو ململانێیەکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا پەنا بۆ دادگای باڵای فیدراڵی ببەن، نەک گفتوگۆی سیاسی ولەهەرێمی کوردستان، بەم جۆرە لەهەردوو گۆڕاوی ( توانا- قدرة وهێز -قوة) دەکۆڵرێتەوەو پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان روونتر دەبێت.

## گرنگی توێژینەوەگە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە شیکردنەوەی بۆ بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە پەیوەستن بەهەرێمی کوردستان دەکات و کاریگەرییە یاسایی و سیاسییەکانی ئەو بڕیارانە دەخاتەروو، چونکە کاریگەری ئەو بڕیارانە بوونە مایەی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانی یاسایی وسیاسیی بێتەوە.

## رێبازی توێژینەوەکە:

ئە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستیی و سەلماندنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، رێبازی شیکاریی لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری کاتی توێژینەوەکە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٢و ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤) دەگرێتەوە.

سنوری بابەتیی توێژینەوەکە چوار بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەگرێتەوە، ئەوانیش: بڕیاری ژمارە ٥٩ی فیدراڵی ٢٠١٢ و یەکخستنەکانی ١١٠ی فیدراڵی ٢٠١٩. بڕیاری ژمارە ١٢٤ فیدراڵی لە ٢٠٢٣. بڕیاری ژمارە ٢٣٢ ویەکستنەکانی ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣ فیدراڵی ٢٠٢٣، لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٢٢٤ و یەکخستنەکانی ٢٦٩ فیدراڵی ٢٠٢٣.

## پەیکەری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەدوو تەوەری سەرەکیی پێکدێت؛ تەوەری یەکەم بەناونیشانی: دادگای باڵای فیدراڵی و بڕیارەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان. لەم تەوەرەدا لەچوار خاڵدا باسی گرنگترین ئەو بڕیارانە کراوە. هەروەها تەوەری دووەم کە لەژێر ناونیشانی: کاریگەری بڕیارەکانی

دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر هەرێمی کوردستان، هاتووە لەوێشدا لە چوار خاڵدا باس لە کاریگەریی یاسایی و سیاسیی ئەو بڕیارانە لەسەر هەرێمی کوردستان کراوە. لەپاشدا گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: دادگای باڵای فیدراڵی و بڕیارەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان

لەم تەوەرەدا باس لە دادگای فیدراڵی عێراق و تایبەتمەندیەکانی دەکەین، پاشان ناوەڕۆک و حوکمی چوار لەو بڕیارانە دەخەینەڕوو کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم: دادگای باڵای فیدراڵی و پسپۆرییەکانی:

١- پێناسەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق:

ئەم دادگایە باڵاترین دادگایە لە هەموو عێراق، بارەگاکەی لە بەغدای پایتەختە. **(شكري، ٢٠١٧، ص١١)**. دادگاکە لە سەرۆکی دادگا و جێگریک وحەوت ئەندامی ڕەسەن و پێکدێت، تایبەتمەندە بە دادبینی ناکۆکیە دەستوریی ویاساییەکان.**(جمهورية العراق، ٢٠٠٥)**.

ئەم دادگایە لە سەر بنەمای ماددەی ٩٣ دەستوری هەمیشەیی عێراق، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە. **(جمهورية العراق، وزارة العدل، ٢٠٠٥)**. لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی ٩٢ دەستوردا بەم شێوەیە پێناسەی دادگای باڵای فیدراڵیی کراوە کە: دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لەڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە. لە هەمان کاتدا لە ژمارەیەك داوەرو پسپۆری بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیاریکردنی ژمارەو شێوازی هەڵبژاردن و کاری داگاکە بە یاسا ڕێکدەخرێت بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. بڕیارەکانی ئەم دادگایە کۆتاییەو هەموو دەسەڵاتەکان پێیوەی پابەندن. **(دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥، ماددەی ٩٤).**

### ٢- پسپۆرییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق **(دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥ ، ماددەی (٩٣):**

یەکەم: چاودێریکردنی ڕادەی دەستووری بوونی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور.

سێیەم: یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدرالیەوە دروست دەبن و ئەو بڕیارو پێڕەو ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵیەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بە هەریەك لە ئەنجومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلەو ئەوانی دی کە ڕاستەوخۆ لە دادگا ڕەخنە لەو بڕیارانە بگرن.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاو شارەوانی و ئیدارە ناوخۆییەکان ڕوودەدەن.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان ڕوودەدەن.

شەشەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

حەوتەم:.پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران.

هەشتەم:

أ- یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان بواری کاری دادگای فیدرالی و دەستەی دادوەری هەرێم و پارێزگاکان کە ناکەونە سنوری پارێزگاکان.

ب- یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی لە بواری کاری دەستەی دادوەری هەرێمەکان و پارێزگاکان کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە.

### دووەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بەیاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

یەکێک لەکێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی وحکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان- عێراق و چۆنێتی بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوتە، بەو پێیەی کە نەوت شادەماری ئابووریی عێراقەو بەپلەی یەکەم بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی وڵات پشتی پێدەبەسترێت، بۆیە هەر یەك لە حکومەتی فیدراڵ وحکومەتی هەرێم لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی بەڕێوەبردنی ئەم بابەتە بوون لە بەرژەوەندی حکومەتەکەی خۆیان.

پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمی تەمەنیدا یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان- عێراق دەرکرد کە، پێکهاتووە لە ٦١ ماددە. لە هۆیەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە؛ لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نەوت لەهەرێمی کوردستان ومسۆگەرکردنی بەشی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو پاراستنی ژینگەی کوردستان، هەروەها بەڕێوەبردنی نەوت وگاز و دابەشکردنی داهاتەکەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بە هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا ئەم یاساییە دانراوە. **(یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان- عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٧).**

شایانی ئاماژەیە ئەم یاسایە تاوەکو ئێستا یەکجار هەموار کراوە، ئەویش یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ کە، تەنها ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧هەموار کردووە، ئەوەی تایبەتە بەئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

هەڵبەتە دۆسیەی دەرهێنان و بەکارهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان پشتبەستبووە بە یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی ئەم یاسایە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوێنراوەو جێبەجێکراوە، بەڵام لە سەرەتای دەرچواندنی یاساکەوە؛ حکومەتی فیدراڵی عێراق یاساکەی بە نادەستوریی داناوەو دژی وەستاوەتەوە.

لەبەشی سێیەمي یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان- عێراق ماددەی سێ خاڵەکانی ١-٢-٣-٤-٥-٦ پشت بەست بە ماددەکانی ١١١-١١٢-١١٥ دەستوری عێراق باسی موڵکداریی و بەشی هەرێمی کوردستان وبەڕێوبردن وسەرپەرشتیکردن ورێکخستنی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی نەوت وگازی لە هەرێمی کوردستان وعێراق کردووە. کەواتە دەرکردنی یاساکە پشتئەستور بووە بە ئەو سێ ماددەیەی دەستوری عێراق، بەڵام کێشەی سەرەکی لە نێوان هەردوولادا لەراڤەکردنی ئەو ماددە دەستوریانەدایە.

بەشێکی زۆری کێشەکان پەیوەندی بە ڕاڤەی دستور هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق کە روون و یەکلایکەرەوە نییە. دەستوری هەمیشەیی عێراق دەق لەسەر ئەوە داوە کە (نەوت و گاز موڵکی هەمووی گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان). **(دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥، ماددەی ١١١)**، بەڵام باسی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەکردووە، بەڵکو تەنها دەق داوە بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم: "حکومەتی فیدراڵی لە گەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەرێوەدەبات، بە مەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی کە ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات دەستەبەر بکات و ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت". **(ماددەی (١١٢) برگەی یەکەم دەستوری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥)**. ئەم دەقە دەستوریە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەو جۆرە ڕاڤەدەکرێت کە تەنها (مەبەستی ئەو کێڵگە نەوتیانەی ئێستایە) واتە: تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان بەغداو هەولێر. بە واتایەکی دیکە بەرێوەبردنی سامانی نەوت وگازی ئەو کێڵگانەی کە ئێستا ٢٠٠٥ بەرهەمیان نییەو نەدۆزراونەتەوە ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی هاوبەشەوە.

حکومەتی هەرێم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە مەبەستی (کێڵگەکانی ئیستا (الحقول الحالية) وەکئەوەی لەدەستوری عێراقدا هاتووە تەنها ئەو کێڵگانە دەگرێتەوە کە تاوەکو کاتی دەرچواندنی دەستوری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ بەرهەمیان هەبووەو دۆزراونەتەوە، لەبەرئەوە دەقە دەستوریەکە هەموو کێڵگە نەوتییەکانی دیکە ناگرێتەوە واتە: نەک ئەو کێڵگانەی کە بەرهەمهێنانیان نییەو هێشتا نەدۆزراونەتەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥. لە بەرئەوە حکومەتی هەرێم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو کێڵگانەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ بەرهەمیان هەبووەو دۆزراونەتەوە ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؛ بۆیە حکومەتی هەرێم کوردستان دەسەڵاتی یاسایی یەکلایەنەی بەسەر ئەو کێڵگە نوێیانەوە هەیە. **(امیرلی & زامل، ٢٠١٨، ص -ص ٥-٦)**. لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ، ئەم راڤەکردنە رەتدەکاتەوە.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان پاساوی فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی نەوت بە سەربەخۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لە شوباتی ٢٠١٤ حکومەتی فیدراڵ لە بەغداد پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی حکومەتی فیدراڵی بڕیوە، بۆیە ناچار بوو بۆ دابین کردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزراییە گشتییەکان و بەجێهینانی ئەرکەکانی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، نەوت بفرۆشێت و هەناردەی دەرەوەی بکات. **(المجلس الاقليمي لشؤون النفط والغاز، بدون سنة النشر)** . ئەمەش لە بەر رۆشنای (برگەی دووەم) لە ماددەی (شەشەمی) یاسای ژمارە پێنج ساڵی (٢٠١٣) تایبەت بەدیاریکردن و وەرگرتنی شایستە (مستحقات) داراییەکانی هەرێمی کوردستانی- عێراق لەداهاتە ئیتحادییەکان(*).

گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری نەوتدا کردوویەتی جگە لە یەک گرێبەست، هەمووی شێوازی گرێبەستی بەشداریی و بەرهەمهێنانە (PSC). بەڕای هەندێک لە توێژەران ئەمجۆرە گرێبەستانە زیانی گەورە بە کەرتی پیشەسازی نەوت لە وڵاتدا دەگەیەنێت، چونکە سودەمەندی یەکەم کۆمپانیاکانن و بڕێکی زۆر قازانجیان دەستدەکەوێت و کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکان دەکەن لە ڕووی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتەوە **(عبدالعالي، ٢٠٠٨، ص١٠) (علي &عبدالرضا، ٢٠١٨، ص ٣-٧) (المهيدي، ٢٠١٢)**.

لە پەرچەکرداری گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمدا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان وهەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ، حکومەتی فیدراڵیی لەساڵی ٢٠١٢ پەنایبردە بەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بۆ سەلماندنی نایاسایی بوونی ئەو گرێبەستانەو هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ. **(Jeffrey & wahab, 2018)** . بەڵام لە لایەن داداگای فیدراڵییەوە هیچ بڕیارێک لەوبارەیەوە دەرنەکرا، هەر وەک دادگای باڵای فیدراڵ لەساڵی ٢٠١٤ **رەتیکردەوە** فەرمانێکی دادوەریی دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربکات لەوەی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەناردەی دەرەوە بکات. **(شبكة اخبار العراق، ٢٠١٤)**.

هەڵبەتە پاساوی دادگای فیدراڵی بۆ دەرنەکردنی هیچ بڕیارێک لەوکاتەدا ئەوەبوو کە دەیویست بەشێوەیەکی لە سەرخۆ و لە چوارچێوەی بابەتیی پرسەکەدا بێت. لە بەرامبەر ئەمەدا حکومەتی فیدراڵی بەتوندی دژی یاساو نەوت و گازو گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم کوردستان وەستایەوەو بە نادەستوری بوون لەقەڵەمی دان و لەئەنجامیشدا لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ بەتەواوەتی پشکی دارایی هەرێمی کوردستانی بڕی.

مانەوەی پرسی یەکلاینەکردنەوەی دۆسیەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی نەوت و گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێم بە کراوەیی مایەوە. بۆ جارێکی دیکەو لە ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرەوە سکاڵای نا یاسایی بوونی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ پێشکەش بە دادگای فیدراڵی کرایەوە؛

دوای چەندین دواخستن، لە کۆتاییدا دوای دە ساڵ بەدیاری کراوی لە (١٥/شوباتی/٢٠٢٢) لە لایەن دادگای فیدراڵیەوە یەکلایکرایەوە، دادگا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی بڕیاری دا بە: ( **المحكمة الاتحادية العليا، قرار العدد ٥٩، ٢٠٢٢**).

١- نادەستوریی بوون و هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧، چونکە بە گوێرەی دادگای باڵای فیدراڵی پێچەوانەی ناوەڕۆکی ماددەکانی (١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١، ١٣٠) دەستوری عێراقە.

٢- پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕادەستکردنی تەواوەتیی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم و ناوچەکانی دیکە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم نەوتی لێدەرهێناوە بە حکومەتی فیدراڵی کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی نوێنەرایەتی دەکات و پێدانی دەسەڵاتی تەواوەتی بەو وەزارەتە بۆ مەبەستی دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت.

٣- پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێریی دارایی بتوانن پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو گرێبەستانەدا بکەن کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بەستراوە دەربارەی هەناردەکردن و فرشتنی نەوت، بە مەبەستی وردبینیکردن و دیاریکردنی ئەو مافە داراییانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم.

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی تایبەت بە نادەستوریی یاسای نەوت و گازی هەرێم، بۆچوونی جیاوازی لە سەرە لە ڕووی یاسایی و کارگێڕیی و سیاسییەوە (**مجلس القضاء**، ٢٠٢٢) (**هەر چوار سەرۆکایەتییەکە**، ٢٠٢٢). لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك هەموو دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەیان ڕەتکردەوە بەهۆی ئەوەی کە خودی دادگاکە نا دەستورییە.

لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکان کە خستمانەڕوو، بڕیارەکە لەڕووی یاساییەوە بڕیارێکی بێکەم وکورتی نییە، چونکە تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی فیدراڵ خۆی خاوەنی یاسای نەوت وگاز نییە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای نەوت و گازی خۆیەتی کە، بەپێی ماددە ١١٧ و ١٢١ دەستوری کۆماری عێراق، ئەمە مافێکی دەستوریی هەرێمی کوردستانە. دەبوو حکومەتی فیدراڵ سودی لە ئەزموونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەرگرتبایە، نەك سکاڵای لەسەر نادەستوری بوونی بکردبایەو هەڵیبوەشاندایەتەوە. هەروها لە ڕووی سیاسییشەوە زۆربەی پارت ولایەنە شعیی و سونییەکان دژایەتی یاسای نەوت گازی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، ئەمەش بووە پاڵپشتێکی سیاسیی بەهێز بۆ ئەوەی دادگا باڵای فیدراڵی یاسای ناوبراو هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵگەی دژایەتیکردنیشیان بۆ یاساکە ئەوەبوو کە، لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنەری حکومەتی فیدراڵ ئەوان بوون سکاڵایان لە دادگای باڵایً فیدراڵیً تۆمارکرد.

## سێیەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نادەستووریی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

بارودۆخی یاسایی و سیاسیی هەرێمی کوردستان، پێش هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەک ناهەموار بوو کە ڕێگربوو لە بەردەوامی پرۆسەی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان. ئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارە درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان و خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بوو کە، دواجار لەرێگەی دادگای باڵای فیدراڵییەوە بەنادەستووریی بوون لەقەڵەمدران.

هەڵبژاردنی خوولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، بە پێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و شارۆچکە و شارەدێکان (**یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩، ٢٠٠٩**)، لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدرا. ئەنجامی هەڵبژارنەکە بەمشێوە بوو کە لەخشتەی ژمارە یەک دا خراوەتەڕوو: (**نتائج إنتخابات مجالس محافظات**، ٢٠١٤):

**خشتەی ژمارە (١) ناوی لایەنە بەشداربووەکان و ژمارەی کورسییە بە دەستهاتووەکانی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ٢٠١٤ نیشاندەدات**

| ذ | ئەنجومەنی پارێزگا | ژمارەی کورسی | پ.د.ک | ی.ن.ک | گۆڕان | ی. ئیسلامی | ک. ئیسلامی | لایەنەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣١ | ١٢ | ٦ | ٤ | ١ | ٣ | ٥ |
| ٢ | سلێمانی | ٣٢ | ٣ | ١١ | ١٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| ٣ | دهۆک | ٢٨ | ١٩ | ٢ | ١ | ٣ | ٠ | ٣ |

دوای تێپەربوونی تەمەنی یاسایی (چوار ساڵ)ی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجامنەدانەوەی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا، واتە ساڵی ٢٠١٨، ماوەی یاسایی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتاییهات، بەڵام بەپێی بڕگەی دوو لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩، تایبەت بە هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٤ ساڵی ٢٠٠٩، پەرلەمانی کوردستان تەمەنی کارکردن و بەردەوامبونی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی درێژکردەوە تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێت. (**یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩، ماددەی ٢**).

ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی کوردستان نارەزایەتیی لێکەوتەوەو بەهۆیەوە لە لایەن هەندێک لە ئەندامانی کورد لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، لە دادگای باڵای فیدراڵیی سکاڵا تۆمارکرا، بۆ ئەمەش پاڵپشتیان هەبوو، چونکە پێشتر دادگای باڵای فیدراڵیی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق هەڵوەشاندبوویەوە لەبەر هەمان هۆکار ( درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن) (***).

دواتر لە سەر سکاڵا تۆمارکراوەکە، داداگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاریدا بە؛ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی مووچەی پێنج ساڵ بۆ گەنجینەی گشتی دەوڵەت، واتە: ئەو مووچانەی کە لەماوەی درێژکردنەوەی نایاسایی تەمەنی ئەنجومەندا وەرگیراون، لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنەکانەوە. **بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە. ( المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣).**

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بڕیارێکی دروست و یاسایی بوو، چونکە ماوەی یاسایی کارکردنیان کۆتایی هاتبوو، لەهەمانکاتیشدا بەردەوامبوونیان پێچەوانەوە بوو لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. لەم بارەیەوە؛ هەندێک لەشارەزایانی بواری یاسای دەستوریی پێیانوایە کە، بڕیارەکەی داگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بەنادەستوریی بوونی ماددەی ٢ لەیاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیارێکی دەستوریی و یاساییبوو ئەمەش پشتبەست بە برگەی یەکەم (ب، ج)ی ماددەی ٢ لەگەڵ ماددەی ٦ دەستوری کۆماری عێراق. **(الوكالة الوطنية العراقية للانباء، ٢٠٢٣).**

هەروها تایبەت بە پەرلەمانی کوردستانی، بەپێی ماددەی یەکەم، برگەی یەکەم، لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٧، یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە مەرسوومی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٨، رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ی وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرد.

بەپێی راگەیەنراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان ٣ ملیۆن و ٨٥٤ هەزار و ٦١ هاوڵاتی، مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە، یەک ملیۆن و ٨٤٥ هەزار و ٩٧٩ هاوڵاتی هاوڵاتی بەشداریی پرۆسەی دەنگدانیان کرد؛ واتە بەرێژەی (٥٩٪). **(پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢).**

لەو هەڵبژاردنەدا (٢٩) لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، لە ئەنجامدا (١٦) لیست توانیان کورسی پەرلەمانە بەدەست بهێنن. **(پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢).**

**خشتەی ژمارە (٢) ناوی لیستە براوەکان و ژمارەی کورسییەکانیان لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨، دەرخاتەڕوو**

| ژ | ناوی لیست وقەوارە سیاسیەکان | کۆی دەنگوکان | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.ک | ٦٨٨٠٧٠ | ٤٥ |
| ٢ | ی.ن.ک | ٣١٩٩١٢ | ٢١ |
| ٣ | گۆڕان | ١٨٦٩٠٣ | ١٢ |
| ٤ | نەوەی نوێ | ١٢٧١١٥ | ٨ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی | ١٠٩٤٩٤ | ٧ |
| ٦ | هاوپەیمانی بەرەو ئیشلاح | ٦٧٧١٢ | ٥ |
| ٧ | سەردەم | ١٥٤٣٤ | ١ |
| ٨ | ئازادی | ٨٠٦٣ | ١ |
| ٩ | پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٣٣١٨ | ٢ |
| ١٠ | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٣١٢٥ | ١ |
| ١١ | میللەت | ٨٨٥ | ١ |
| ١٢ | بەرەی تورکمانی | ١٥٤٥ | ١ |
| ١٣ | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٨٠٨٨ | ٣ |
| ١٤ | لیستی رافدین | ٢٦٢٦ | ١ |
| ١٥ | ئە.گەلی سریانی کلدانی و ئاشووری | ٢٩٦٣ | ١ |
| ١٦ | ئەرمەن | ٦١٥ | ١ |

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، پەرلەمانی کوردستان لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ یەکەمین دانیشتنی ئەنجامداو دەستەری سەرۆکایەتی هەڵبژاردن بەو جۆرەی کە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و جێگرەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری پەرلەمانیش بۆ پارتی چاکسازی تورکمانی بوو. بەر لە تەواوبوونی تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمان لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەم، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە ١١ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ بەدەنگی ٨٠ پەرلەمانتار، تەمەنی خۆی بە یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ تاوەکو ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ درێژکردەوە. **(پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢).**

ئەم درێژکردنەوەیەی تەمەنی کارکردنی پەرلەمان نارەزایی لێکەوتەوە و لەلایەن بزوتنەوە و قەوارە سیاسییەکانی هەرێمەوە پەسەندنەکرا. بۆیە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کوردی ناو پەرلەمانی عێراق سکاڵا لە دژی ئەم درێژکردنەوەیەی تەمەنی کارکردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لە سەر سەرۆکی هەرێم، و سەرۆکی پەرلەمان لە دادگای فیدراڵی عێراق تۆمارکرا. لە یەکەم دانیشتنیدا؛ دادگای فیدراڵی لەبارەی سکاڵاکەوە کە لە رۆژی ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ بەڕێوەچوو، بڕیاری پەکخستنی سکاڵاکانی دا. واتا زیاتر لە پێنج مانگە ئەم کەیسە لەبەردەم دادگادا بووە. **(جلسات المحكمة الاتحادية العليا،٢٠٢٢، يوم ١٨).**

دواین دانیشتنی دادگای فیدراڵی لەبارەی سکاڵای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کارکردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تێیدا دادگا کۆتایی بە دادبینییەکان هێناو رۆژی ٣ی ئایاری ٢٠٢٣ی بۆ دەرکردنی بڕیار دیاریکرد، بەڵام بۆ وەرگرتنی بۆچوونی کۆمسیۆنی باڵای

سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دادگای باڵای فیدراڵی جارێکی دیکە دەرگای دادبینی لە ڕۆژی ٢٤ی هەمان مانگ (ئایار) کردەوەو بڕیاری کۆتایی دواخست بۆ ٣٠ی ئایاری ٢٠٢٣. **(جلسات المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣، يوم ٣٠).**

دوای زیاتر لە (٥) مانگ دانیشتن و دادبینی و دواخستن، دواجار دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ٣٠ی ئایاری ٢٠٢٣، بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەو سکاڵایانەوە ڕاگەیاند کە، لەبارەی درێژکردنەوەی تەمەنی کارکردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تۆمارکرابوون، دادگاکە بڕیاری بە نادەستوریی بوونی درێژکردنەوەکەی تەمەنی کارکردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و هەروەها ئەو یاسا وبڕیارانەش کە لە دوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانەوە دەرچوێنرابوون، هەڵوەشانەوە. **(المحكمة الاتحادية العليا ، قرار العدد: ٢٣٢، ٢٠٢٣).**

(٢٠٢٣) قرار العد وموحداتها ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣/اتحادية.

سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی تەمەنی خووولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن خودی پەرلەمانەوە، پاڵپشت بە یاسای ژمارە یەک ی ساڵی ١٩٩٢ و هەروەها دەستوری عێراق ٢٠٠٥ بە نایاسایی دەدەینە قەڵەم، هەروها بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی، بڕیارێکی دروستبوو لە سەر بنەمای ماددەکانی (٥٦: بڕگەی یەکەم، ١٣: بڕگەی یەکەم و دووەم)ی دستوری عێراق.

## چوارەم: بڕیاری داداگای فیدراڵی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان

یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢، تاوەکو ساڵی ٢٠١٣، حەوت جار لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار کراوەتەوە **(بەزاز، ٢٠١٦، ل ٦٩-٧٠).** دوا هەوڵیش بۆ هەمواری هەشتەمی یاساکە لە خووولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەهۆی ناکۆکی نێوان حزب و لایەنە پێکهێنەرکانی ئەو خووولەی پەرلەمان نەتوانرا جێبەجێ بکرێت. لەم بارەیەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: " لە دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨ەوە، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەنێوان یەکێتی و پارتی لەلایەك، پارتی و بزوتنەوەی گۆڕان لەلایەکی دیکەوە کرا، یەکێك لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ڕێککەوتنەکە ئەوەبوو کە لە خولی پێنجەمی پەرلەماندا یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن دەربکەین، یاخود یاسا کۆنەکە هەموار بکەینەوە، هەرچەندە هەموو هەوڵەکانمان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خاڵە چڕکردەوەو کۆبوونەوەمان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان جگە لە پارتی و پێکهاتەکان ئەنجامدا، پرۆژەیەکمان ئامادەکرد، بەڵام بۆمان تێنەپەڕێندرا". **(PUKMEDIA, 2024).**

ئەو ماددانەی کە داوای هەموارکرادنەوەیان دەکرا بریتیبوون لە: ماددەکانی (٩و ١٥و ٢٢و ٣٦) ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

پرسی یەکلایکردنەوەی هەمواری ئەو ماددە یاساییانە لەڕێگەی سکاڵا لە لایەن هەر یەک لە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی ڕافیدەینی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە ٢ی ئایاری ٢٠٢٣برایە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق. **(ڕەحیم، ٢٠٢٣).** دادگا دوای دوازدە جار لەدواخستن بۆ بڕیاردان لەسەر سکاڵاکە؛ دواجار لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ٢٠٢٤، بڕیاری کۆتایی لەبارەیەوەدا، بەمشێوەیە لە بڕیارەکەیدا هاتوە کە: **(المحكمة الاتحادية العليا، قرار العدد ٨٣: ٢٠٢٣):**

١- دەستەواژەی ١١کە لە ماددەی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوادا هاتووە نادەستورییە و دەقەکە بەمشێوەیەی لێدێت: "پەرلەمانی کوردستان لە ١٠٠ ئەندام پێکدیت". بەمشێوەیە دادگای فیدراڵی ١١کورسی لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی کەمکردوە. واتە کورسی کەمایەتییە ئایینی ونەتەوەییەکانی لابرد.

٢- دەستەواژەی (بەگوێرەی حوکمەکانی بڕگەی ٤ لە دەقی ٢ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ تاکاتی پێکهێنانی (دەستەیەی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی کوردستانی عێراق) کە لە ماددەی شەشەمی دووبارەکراوە/ یەکەم، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە؛ نادەستوریەو دەقەکە بەمشێوەی لێدێت: "لەم یاسایەدا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان عێراق شوێنی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە بۆ سەرپەرەشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان. هەروەها بڕگەی چوارەم لە ماددەی شەشەمی یاساکە نادەستورییە".

٣- ماددەی ٩ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، نادەستورییە، هەروەها جێبەجێکردنی دەقی ماددەی پێشوو کە بەگوێرەی ماددەی چوارەمی هەمواری سێیەمی ژمارە ٤٧ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵوەشێندرایەوە، بەجۆرێك دەقی جێبەجێکراو بەمشێوەیەی لێدێت: "هەرێمی کوردستان دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەیەك ناوچەی هەڵبژاردندا کە لەچوار ناوچە کەمتر نەبێت".

٤- ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠١٣ی یاسای هەمواری حەوتەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموارکراو، نادەستورییە، کە بەپێی ئەم یاسایە، ماددەی حەڤدەیەمی یاسای ناوبراو بەهەڵوەشاوە دەداتە قەڵەم، بۆیە ماددەکە کاری پێدەکرێتەوە کەتێیدا هاتووە: "هەر هاوڵاتییەك کە تەمەنی ١٨ساڵی تەواو کرد بێت، فەرمانگەی باری شارستانی کارتی دەنگدانی پێدەدات بەپێی چوارچێوەیەك کە دیاریدەکرێت، بەمەرجێك دەنگدەر لەکاتی دەنگداندا ناسنامەی خۆی بسەلمێنێت".

٥- هەردوو دەستەواژەی (لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق) هەروەها دەستەواژەی (بەمەرجێك ژمارەی کاندیدی هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کاندید کەمتر نەبێت) کە لە ماددەی ٢٢ی ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە هاتووە، نادەستورییە ماددەکە بەمشێوەی لێدێت: "هەموو قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی عێراق بۆی هەیە لیستی تایبەت کە ناوی پاڵێوراوەکانی لەخۆبگرێت و ڕێژەی ژنان لەناو لیستەکەدا لە ٣٠% کەمتر نەبێت و ڕیزبەندیی ناوی پاڵێوراوەکان بەو شێوەیە دەبێت کە دەستەبەری ڕێژەی ژنان لە پەرلەماندا بکات،

پێشکەش بکات". بەگوێرەی ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئیتر هەموو هاوڵاتییەك دەتوانێت لە دەرەوەی لیستی حزبەکان، وەکو کاندیدی تاکە کەسیی (فردی) خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان کاندید بکات.

٦- نادەستوری بوونی ماددەکانی ٦و ٣٦و و (بەندی یەکەم/١ و ٢ لە ماددەی ٣٦) و( ٣٦ دووبارە) و( بڕگەی ٢) لە ماددەی ٥٦ و ٥٨ لە یاسای هەڵبژاردنی کوردستاندا ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بەهەمانشێوەی هەندێک لەپسپۆڕانی بواری یاسای دەستووری و سیستەمی سیاسی **(مهدی، ٢٠١٤)** وایدەبینین کە: دادگای باڵای فیدراڵی لەم بڕیارەیدا زیادەڕەویی کردووە، بۆیە ئەم بڕیارە لە ڕووی یاساییەوە بە پێشینەیەکی مەترسیدار دەبینین بۆ ئایندەی کاری دادگای فیدراڵی، چونکە ئەوەی دادگای فیداڵی لەم بڕیارەیدا کردویەتی خۆی خستوەتە جێی پەرلەمان و دەق یاسایی هەموار کردوەتەوە، واتە: بە پشتبەستن بەدەستوری عێراق ٢٠٠٥، هەمواری یاسا، لەپسپۆڕی دادگای باڵای فیدراڵی نییە، چونکە ئەوە بەپێی (بڕگەی یەکەمی ماددەی ٦١) دەستوری عێراق، کاری دەسەڵاتی یاسادانانە. بەڵگەش لە سەر ئەم بابەتە هەڵوشاندنەوەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە ١٠٢/ اتحادیة/٢٠٢٤، لە ١٥ی نیسانی ٢٠٢٤، لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵیەوە (محكمة التمييز الاتحادية) بە ژمارە ٤/الهيئة العامة /٢٠٢٤، لە ٢٩ی ئایاری ٢٠٢٤، کە لەو بڕیاریدا باس لە زیادەڕەویی دادگای باڵای فیدراڵی کردووە لە دەسەڵاتەکانیدا کە لە ماددە ٩٣ی دەستوری عیراقدا هاتووە. **(فيصل، ٢٠٢٤).**

## چوارەم: بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر پرسی مووچەی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان

لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢٣ سێ فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵایان لەبارەی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم لەسەر هەریەک لە سەرۆکی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێم، تۆمارکرد(***). سکاڵاکارەکان داوایان لە دادگا کردبوو، فەرمان سالاری بۆ ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم دەربکات و مووچەی پاشەکەوتکراوی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٣، بۆ فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بگێڕدرێتەوە **(سکاڵای تۆمار کراو، ٢٠٢٣).**

فەرمانبەران لە سکاڵاکەیاندا ئاماژەشیان بەوە کردووە، ناکۆکیی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و هەرێم، یەکلایی بکاتەوە کە بووەتە هۆی جێبەجێنەکردنی یاسای بودجە و داوای پابەندکردنی هەردوو سەرۆک وەزیرانیان کردبوو بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرو مووچەخۆرانی هەرێم، لە ڕێگەی دادگاوە داوایانکردبوو مووچە بەدەربکرێت لەململانێی سیاسیی و مانگانە لە کاتی خۆیدا دابەشبکرێت و مووچەی دابەشنەکراوی سێ مانگی ساڵی ٢٠٢٣ یش دابەش بکرێت.

دوای ئەنجامدانی چەندین دانیشتن، دواجار لە دانشتنی دادگا لە بەرواری(٢٠٢٤/٢/٢١) دادگای فیدراڵی سکاڵاکەی یەکلایی کردەوە؛ بەپێی بڕیارەکەی دادگا کە لەسەر بنەمای سکاڵای ئەو سێ فەرمانبەرە دەریکرد، سەرۆک وەزیرانی عێراق وهەرێم پابەندکراون بە کردنەوەی حساب بانکی بۆ مووچەی فەرمانبەران لەو بانکە حکومیيە فیدراڵییانەی لەدەرەوەی هەرێم کاردەکەن.

هەروەها فەرمانگە حکومییەکانی هەرێم پابەندکراون بەهەماهەنگی کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گواستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ سەر بانکە فیدراڵییەکان بە بێ گەڕانەوە بۆ نوێنەرایەتی هەرێم، هەروها لە بڕیارەی دادگادا سەرۆک وەزیرانی هەرێمیش پابەند کراوە بە ڕادەستکردنی سەرجەم داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان بە حکومەتی عێراق. **(المحكمة الاتحادية العليا، قرار العدد ٢٢٤، ٢٠٢٣).**

## تەوەری دووەم: کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر هەرێمی کوردستان

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٢٠وە، لەڕێگەی چەند بڕیارێکەوە کاریگەری زۆری کردە سەر هەرێمی کوردستان لەرووی فرۆشتنی نەوت و گاز، بەردەوامی دامەزراوە فەرمییەکانی وەک پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگان و چۆنێتی دابینکردن و خەرجکردنی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. لەم تەوەرەدا؛ بەکورتی لەسەر کاریگەری ئەو چەند بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر هەرێمی کوردستان قسەدەکەین.

### یەکەم: کاریگەرییەکانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢، بڕیاری نادەستوریی بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیدا، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێینایە قۆناغێکی دیکەی ململانێ.**(مركز الإمارات للسياسات، ٢٠٢٢).** هاوشان لەگەڵ ئەو سکاڵایەی سەرەوە (لەخاڵی دووەمی تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژە پێکراوە)، لەساڵی ٢٠١٤ دا، حکومەتی عێراق سکاڵای دژی وڵاتی تورکیاش لە دادگای ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی پاریس دەربارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەندری جیهانی تورکیاوە، بەڵام لەکۆتایی ساڵی ٢٠٢٤داو لەسەردەمی سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادیی، سەرۆکی وەزیرانی پێشوی عێراق، سکاڵاکە ڕاگیرا.

لەساڵی ٢٠١٧دا، جارێکی دیکە سکاڵاکە چالاککرایەوە، بەڵام دیسانەوە سڕکرایەوە، بەهاتنی مستەفا کازمیی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و ئیحسان عەبدولجەبار، وەزیری پێشووی نەوتی عێراق لەساڵی ٢٠٢١دا، جارێکی دیکە سکاڵاکە وروژێنرایەوەو چالاککرا. **(إذهيب، ٢٠٢٣).** ئەم هەڵکشان و داکشانەی سکاڵاکەی حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر بوو بەو کەشە سیاسیی و ئاسایشییەی کە لەعێراق و هەرێمی کوردستان باڵادەستبوو، هەر لەهاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) و پەیوەندییەکانی

نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی لەسەر ئاستی فەرمیی، هاوکێشە و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان قەوارەو هێزە سیاسییە عێراقیی و کوردستانییەکان، دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لەعێراق، سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە رێگربوون لەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی وحکومەتی هەرێم کوردستان بەتایبەتی دۆسیەی نەوت و گاز یەکلاییکریتەوە.(Dirri, 2019, pp.109-110).

لاوزابوونی هەرەشەی (داعش) و سەقامگیریی رێژەیی بارودۆخی سیاسیی وسەربازیی و ئاسایشیی لەعێراق رێگەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە حکومەتی فیدراڵ، دیسانەوە سکاڵاکەی لەدژی تورکیا لە دادگای ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی پاریس، بجوڵێنێت و بەوردیی کاری لەسەربکات. کۆتا ئەنجامی ئەم سکاڵایەش ئەوە بوو داداگاکە لە ٢٣ی ئازاری ٢٠٢٣، تورکیای تۆمەتبارکرد بەوەی رێککەوتنامەی (بۆری نەوتی عێراق-تورکی ساڵی ١٩٧٣) پێشێلکردووە. **(Grover, 2024)** .

بە گوێرەی ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان هەردو وڵات بۆ جوڵاندنی نەوت لەناو بۆری ناوبراوا بەرەو کۆگاکانی نەوتی خاو لە بەندەری جیهان و لەوێشەوە ناردنەدەرەوەی بۆ بازارەکانی جیهان، دەبێت حکومەتی تورکیا رێنمایی لە حکومەتی عیراق وەربگرێ نەک لە هیچ لایەنێکیتر. تەنها دوو رۆژ دوای بڕیارەکەو بەتەواوی لە ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣، هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جیهانی تورکیە راگیرا. **(جريدة الشرق الاوسط، ٢٠٢٣)** . لەسەر هەمان پرس وەزارەتی نەوتی عێراق لە بەیاننامەیەکەدا پێشوازیی لەبڕیارەکە کردو، ئەوەی دووپاتکردەوە کە: "وەزارەتەکەیان لەرێگەی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی نیشتیمانییەوە (The State Oil Marketing Organization "SOMO")، تاکە لایەنی سەرپشکە بۆ هەناردەی نەوتی خاوی عێراق". **(وزارة النفط العراقية، ٢٠٢٣).**

دوای راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی خۆیانیان بەمەبەستی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت بۆ بەندەری جیهان لە تورکیا چڕکردەوە، بەجۆرێک کە بتوانرێت بەلایەنی کەمەوە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بپارێزرێت. لەو چوارچێوەیەدا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٤ی نیسانی ٢٠٢٣دا، سەردانی بەغدادی کردو لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ کۆبوویەوە، توانیان رێککەوتنی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت واژۆ بکەن. **(التوقيع على اتفاق لاستئناف تصدير النفط، نيسان ٢٠٢٣)**. ئەم رێکەوتنە دەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەناوخۆ و دەرەوەی عێراق هەبوو بەوەی کە ئومێدی لێدەکرێت چارەسەری قەیرانە درێژخایەنەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیی بکات. **(بارزانی، ٢٠٢٣).**

**گرنگترین خاڵەکانی ناو رێککەوتنامەکە بریتیبوون** لە: **(الحاج، الزيدی، ٢٠٢٣):**

١- هەناردەکردنی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لەرێگەی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی نیشتیمانییەوەو، پێدانی پۆستی جێگری کۆمپانیاکە کە، پشکی کوردە بەهەرێمی کوردستان.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەکی چوار کەسی بەشێوەیەک کە دوو ئەندامیان سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراقیی و دوو نوێنەرەکەی دیکەیان سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بێت. کاری لیژنەکە سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی دەرهێنراوی هەرێم دەکات لەبازاڕە جیهانییەکاندا تاوەکو دەرچوونی یاسای بودجەی عێراق، واتە ئەم خاڵە کاتییە.

٣- دووبارە ئەنجامدانەوەی رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێم بە یارمەتی شارەزایانی وەزارەتی نەوتی عێراق.

٤- کردنەوەی هەژمارێک لەبانکی ناوەندیی عێراق و سەرپشککردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ خەرجکردنی لەژێر چاودێری دیوانی دارایی عێراقدا.

بەڵام بەهۆی هەندێک گرفتی وەک، جیاوازیی راوبۆچوونی لایەنەکان لەسەر جۆری گرێبەستییە نەوتییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیانیاکانی بەرهەهێنانی نەوت لەکوردستان و شایستە داراییەکانیان و گرێبەستەکانی هەرێم و کێشەی سیاسی نێوان هەردوو حکومەت، پاشان بەهای فرۆشتنی نەوتی هەرێم رێککەوتنامەکە جێبەجێنەکراو، لەبری ئەوە بە دەرچواندنی یاسای بودجەی سێ ساڵەی ٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥، کۆتایی بەرێککەوتنامەکە هات؛ چونکە بەپێی ماددەی ١ی برگەی (ب)ی یاساکە، رۆژانە عێراق ٣،٥ی ملیۆن بەرمیل هەنادرەی دەرەوە دەکات لەگەڵ ٤٠٠ هەزار بەرمیل لەکیڵگە نەوتییەکانی هەرێم. **(جريدة الوقائع العراقية، جزيران، ٢٠٢٣).** لەسەر ئەم بنەمایەش پشکی هەرێم لەیاسای بودجە (١٢،٦%) دیاریکرا. بەڵام دیسانەوە بەهۆی گرفتی دیاریکردنی رێژەی ئەو برە نەوتەی هەرێمی کوردستان کە بۆ بەندەری جیهان لەتورکیا هەناردەبکرێت و ئەو برە نەوتەش کە بۆ پێداویستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت، هەروەها دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکانی بەرهەهێنانی نەوت کە لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن، هێشتا کێشەکە بەراگیراوی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە. **(قادر، ٢٠٢٥).**

بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان ناسراو بە **(APIKUR)** کە بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جیهان لە تورکیا، بە تێکڕای ٤٥٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤، زیانی زیاتر لە ٢١ ملیار دۆلار، بەداهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان، گەیشتووە. **(Rudaw, 2024).**

بەپێی راپۆرتێکی ئەپیکور کە لە ٢٣ی ئازاری ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە، راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم جگە لەزیانە داراییەکانی ئەم کاریگەریانەشی هەبووە. **(APIKUR, 2024):**

١- **لە ڕووی بازاڕی وزەی جیهانییەوە:** ڕاگیرانی هەناردەکردنی ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێم، بووەتە هۆکاری ناهاوسەنگی بازاڕی وزە.

٢- **لەڕووی داهاتی هەرێمی کوردستانەوە:** هەرێمی کوردستان زیاتر لەملیارێک دولار قەرزاری کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتە لەهەرێم سەرباری ڕاوەستانی دەرهێنانی نەوت.

٣- **لەڕووی گۆڕانی ئاراستەی بازرگانی نەوتەوە:** لەدوای ڕاگیرانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، ئەمریکا ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت، لەباشووری عێراقەوە هاوردە دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق ڕێگە نادات نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەبکرێتەوە.

٤- **لەڕووی دەرفەتی کارەوە:** کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت لە هەرێم، بەهۆی ڕاگیرانی هەناردەکردنی نەوتەوە هەزاران فەرمانبەر و کرێکاری بیانیی و ناخۆیی لەکار دەرکردووە.

٥- **لەڕووی دابینکردنی مووچەوە:** بەهۆی نەمانی داهاتی نەوتەوە لەهەرێم، حکومەتی عێراق بە بەردەوامی کێشە بۆ مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم دروستدەکات و دوایدەخات.

٦- **لەڕووی وەبەرهێنانەوە:** کاریگەری گەورەی لەسەر ناوبانگی عێراق بەگشتیی و هەرێمی کوردستان هەبوو بەتایبەتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیی لەوەی کە وەبەرهێنەرانی گەورەی بیانیی، وەبەرهێنان لەعێراق و هەرێمی کوردستان بکەن.

لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییانەی لەسەرەوە باسکران دەتوانین بڵێین کە؛ ڕاگیرانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە مەترسی گەورەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە، جونکە حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بەداهاتی نەوت دەبەست بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و جێبەجێکردنی پرۆژە کانیخزمەتگووزاریی و وەبەرهێنان، بەنەمانی داهاتی نەوت؛ هەرێمی کوردستان جگەلەوەی کەوتووەتە ژێر فشارو مەرجەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە؛ ناشتوانێت مووچە لەکاتی خۆیدا دابین بکات و پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەستپێبکاتەوە. **(ڕاپۆرتی درەو میدیا، ئازار ٢٠٢٤).**

لەهەمان کاتیشدا؛ ناتوانێت نەوت ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمیی. بەگوێرەی شیکردنەوەیەکی گۆڤاری (Foreign Policy) ڕاگیرانی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە، دەبێتە هۆی لاوزابوونی ئابووری هەرێم و ئەمەش دەرگا بۆ شەپۆلێکی دیکەی کۆچکردنی دانشتوانەکەی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکاتەوە. ئەمە جگەلەوەی نەمانی داهات و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە ئەگەری ئەوەی هەیە سەربکێشێت بۆ ململانێی سەخت لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پاشانیش ئەم ناسەقامگیرییەی هەرێم هەموو عێراق بگرێتەوە. **(Gurbuz, 2023).**

هەرچۆنێک بێت ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کاریگەریی گەورەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە چی لەناوخۆی عێراق بێت یاخود لە دەرەوە. ئەم کاریگەرییە خراپانەش لەئەگەری چارەسەرنەکردنی دۆسیەی هەناردەکردنی نەوت و گاز لەنێوان بەغدا وهەرێم مەترسی گەورەی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. بۆ نمونە وەک: خەرجنەکردنی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆران **(ڕاپۆرتی درەو میدیا، تەمووزی ٢٠٢٥)**، زیادبوونی ڕێژەی هەژاریی و بێکاریی **(هيئة الاحصاء ونظم المعلومات الجغرافية ، ٢٠٢٤)**، زیادبوونی کۆچی هاوڵاتیان بۆ دەرەوە وڵات و ڕاوەستانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەهەرێمی کوردستان.

## دووەم: کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجومەنی پاریزگاکان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

وەک لە تەوەری یەکەمدا باسمان کرد، دادگای فیدراڵی بڕیاری بە نادەستووریی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی کارکردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دا، ، ئەنجامی ئەم بڕیارە بووەهۆی ئەوەی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەشی کە لەدوای درێژکردنەوەکە دەرچاندبوو پوچەڵ ببنەوە کە، دیارترینیان ئەمانە بوون: **(پەرلەمانی کوردستان، یاساکان، ٢٠٢٢):**

١- یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٢: یاسای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٢٢: یاسای ڕێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵەماڵی و بێلانەکان.

٣- یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی٢٠٢٢: یاسای بەرکارکردنو هەمواری پیادەکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

٤- یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٢٢: یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراق ژمارە ٦٤یساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

٥- یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٢٢: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨.

٦- بڕیاری ژمارە ١٠ی تایبەت بە کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

ئەنجامی ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندەوەو نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە کابینەی کار بەڕێکەر و لەهەمانکاتیشدا کۆتایی بەکاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هێنا. ئەمە جگە لە یەکلاکردنەوەی پرسی لایەنی ئەنجامدەری هەڵبژاردن لەهەرێم کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق دەبێت، هەروەها

هەموو ئەو دەست لەکارکێشانەوەو دەستبەکاربوونانەی پەرلەمانتارانیش بە هەڵوەشاوە ئەژماردەکرێن کە، لەماوەی درێژکراوەی تەمەنی پەرلەماندا کراون.

هەوڵی هەندێک لایەنی سیاسی بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لەپێش بڕیاری دادگای فیدراڵی و بکەوێت و کۆبوونەوەی ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٣ی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە بە هەڵوەشاوە ئەژمار کرا، واتا دادگای فیدراڵی کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانیشی بەنادەستوریی لەقەڵەمدا، هەڵوەشاندەوە، چونکە دادگا لە حوکمەکەیدا دەڵێ: "هەموو ئەو یاساو بڕیارانەی لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانەوە دەرچوون، پوچەڵن". **(البدري، ٢٠٢٣).**

ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی لە بەرژەوەندی هەندێک لایەن کەوتەوە، چونکە دژی کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بوو، کە کێشەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دروستکردبوو. هەر بۆیە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکەی ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٣ی هەڵگرت، بەڵام جێگرەکەی درێژەی بە دانیشتنەکەدا .**(پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ژمارە ١٠، ٢٠٢٣).**

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەدژی پەسەندکردنی نووسراوی پەرلەمانی کوردستانیش بوو لە لایەن ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان کە، لەسەر ئەو بنەمایە (نووسراوی ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٣ی پەرلەمانی کوردستان) سوێندخواردنی دوو ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد. ( **پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٣، بڕیاری ژمارە ١٠**). هاوکات گرنگە ئاماژەش بەوە بدرێت کە بۆ پەسەندکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ڕێژەی یاسایی خۆی بۆ بڕیاردان، شکاند، چونکە لە کۆبوونەوەی ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ی ئەنجومەنەکەدا پێنج دادوەر ئامادەبوون، لەکاتێکدا بەگوێرەی بڕگەی دووەمی ماددەی ٣٣ لە یاسای ژمارەی ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەریی بۆ کۆبونەوە پێویستی بە ئامادەبوونی سێ لەسەر چوار ئەندامانی هەیە. (**حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧**).

## سێیەم : کاریگەرییەکانی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

گرنگترین کاریگەرییەکانی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەمانەی لای خوارەوە لە خۆدەگرێت: **(المحكمة الاتحادية العليا، العدد ٨٣، ٢٠٢٣):**

١- دادگای فیدراڵی ١١ کورسی لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی کەمکردەوە (پەرلەمانی کوردستان پێشتر لە ١١١ کورسی پێکهاتبوو، لە دوای بڕیارەکە لە ١٠٠ کورسی پێکدێت). ئەو یازدە کورسییەی کە،کەمکرایەوە، کورسی کەمایەتییە ئاینی ونەتەوەییەکان بوو، بەڵام دواتر دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی سەر بەئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، بەبڕیاری ٣٥٥ ساڵی ٢٠٢٤، لەو ١٠٠ کورسییەی پەرلەمانی کوردستان، پێنج کورسی بۆ پێکهاتەکان تەرخانکرد. **(مجلس القضاء الأعلى، ٢٠٢٤).**

٢- بە بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بەیەکجاریی هەڵوەشایەوە. دەرئەنجامیش سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە کرا.

٣- هەرێمی کوردستان بەسەر چوار ناوچەی هەڵبژاردندا دابەشکرا، ئەم دابەشکردنە لە سەر بنەمای ژمارەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوو.

٤- ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە سیستەمی هەڵبژاردن، بە شێوەیەك کە بەدەر لە لیستی حزبەکان، هەر هاوڵاتییەك دەتوانێت لە دەرەوەی لیستی حزب، وەکو کاندیدی سەربەخۆ و تاکە کەسیی (فردي) خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان بپاڵێوێت.

لە خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، پێکهاتەکانی وەک: کلدان و سریان و ئاشووری پێنج کورسی، پێکهاتەی تورکمان پێنج کورسی و ئەرمەنیش یەک کورسی کۆتایان هەبوو، بەڵام دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ١٠٠ کورسی کەمکرایەوەو،کورسی پێکهاتەکانیش بەبڕیاری دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان بە سەر پارێزگاکانی هەرێم دابەشکرا، ئەمەش پێکهاتەکانی نیگەران کرد، لەم بارەیەوە یوسف یعقوب مەتی، سەرۆکی پارتی نەهرێنی نیشتمانیی، تانەی لە بڕیاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبەرەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانی سەر بە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق تۆمارکرد.**(حسن، ٢٠٢٥، ص ٣)**. دواتر بە بڕیاری دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان پێنج کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسی پەرلەمانی کوردستان، بۆ کۆتای پێکهاتەکان دانراو بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کرا بەمشێوەیە: دوو کورسی بۆ پارێزگای هەولێر، یەك بۆ پێکهاتەی تورکمان و یەك بۆ پێکهاتەی مەسیحی، دوو کورسی بۆ پارێزگای سلێمانی، یەك بۆ پێکاهتەی تورکمان، یەک بۆ پێکهاتەی مەسیحی، یەک کورسیش بۆ پارێزگای دهۆك بۆ مەسیحی- ئەرمەن. **(مجلس القضاء الأعلى، ٢٠٢٤).**

جێی ئاماژەیە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی فیدراڵی چەندینجار بووەتە جێی تێڕامانی شارەزایانی بواری یاسای دەستوریی، بەشێوەیەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە هەندێک لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی پێچەوانەی تێگەیشتنی سەرتایی یاسای دەستوریی و سیستەمی پەرلەمانییە. **(شكري، ٢٠١٧، ص ٢٦٠).**

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە؛ کاریگەرییەکانی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەسەر هەرێمی کوردستان تایبەت بە یاسای هەڵبژاردن بەردەوامی نابێت، چونکە پەرلەمانی کوردستان لەڕووی یاساییەوە دەتوانێت هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکات، وەك: شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و گۆڕانکاریی لەژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن، ئەمە جگە لەوەی دەتوانێت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کارابکاتەوە. ئەمەش

لەبەرئەوەی کە، بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵوەشاندەوە نەک بەیەکجاری.

## چوارەم: کاریگەرییەکانی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە سەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان

بەهۆی چارەسەرنەکردنی پرسی هەناردەکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی پەیوەست بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشمەرگە و داهاتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق لە سەردەمی نوری مالیکی، لە مانگی شوباتی ٢٠١٤دا بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان **بڕی (BBC News عربي، ٢٠١٤)**. ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق کاریگەری گەورەی کردە سەر ڕەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچۆنێتی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆران و بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکانی ئاوەدانکرنەوەو گەشەپێدان بەشێوەیەکی نیمچە تەواو دەستەوەسان بوو.

بەشێوەیەکی گشتیی لە ٢٠١٤-٢٠٢٤ واتە لەماوەی دە ساڵدا؛ (١٢٠ مانگ) فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ٥٨ مووچەی تەواو و ٤٤ مووچەش بە ڕێژەی چارەکە مووچەو و ١٨ مووچەشیان وەرنەگرتووە، ئەمە جگە لە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە بڕی شایستەی دارایی فەرمانبەران لەپلە بەرزکردنەوە دەگاتە نزیکەی ٢٣ ترلیۆن و ١١٦ ملیار دینار کە لەلای حکومەتی هەرێم ماوەتەوە. بەجۆرێک کە؛ هەشتەمین کابینەی لە ماوەی ٤٥ مانگدا، تەنها ١٥ مووچەی تەواو و ٣٤ مووچەیشی- بە لێبڕین و پاشەکەوتەوە دابەشکردو ٥ مووچەیشی. خەرج نەکردو خەرجنەکردنی مووچەکە ناوی لێنرا پاشەکەوت. کۆی شایستەی دارایی مووچەی مووچەخۆران لە هەشتەمین کابینەدا لەلای حکومەت بە١٠ ترلیۆن و ٥٩٧ ملیار و ٩٩٧ ملیۆن دینار دەخەمڵێنرێت. **(ڕاپۆرتی درەو میدیا، ٢٠٢٤)**.

نۆیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٦٦ مانگی ڕابردوودا، تەنها ٤٣ مانگ مووچەی تەواوەتی و ١٠ مانگیش بە لێبڕینەوە خەرج کردووە، ١٠ مانگیشی- خەرج نەکردووە، کۆی شایستەی مووچەی مووچەخۆران لەم کابینەیەدا بە ١٣ ترلیۆن و ١١٨ ملیار دینار، دەخەمڵێنـدرێت. سـەرباری نەدان و پاشـکەوت و لێبڕیـنی مـووچەی فەرمـانبەران و مووچەخــۆرانی هەرێـم، ژمـارەیەکی زۆری پـرۆژەی وەبەرهێنـانیش لەهەرێمی کوردستان ڕاگیراون. بەگوێرەی ڕاپۆرتێک، پرۆژە تەواونەکراوەکانی بودجەی گەشەپێدان تاکۆتایی ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی هەزار و ٣٧٧ پرۆژە بووە، **(بەرزنجی، ٢٠١٩)**. هەموو ئەمانەش کاریگەریی گەورەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە بەوەی نەتوانێت پابەندبێت بەپێدانی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و مووچەخۆران و بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

دوای چەندین کۆبوونەوەو دانوستان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەتوانرا گرفتەکان چارەسەربکرێن. دوای ئەوەی چەند کەسێک لە لایەنە سیاسیی و پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا سکاڵایان لەدژی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دادگای باڵای فیدراڵی کرد بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم چارەسەر بکرێت، تۆمار. دادگاکە دوای پێداچوونەوە بەدواکارییەکەدا دواجار لە (٢٠٠٤/٢/٢١) بڕیاریدا بە **(المحكمة الاتحادية العليا، قرار العدد ٢٢٤، ٢٠٢٣):**

١- پابەندکردنی هەریەکە لە سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ مووچەی (فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بەوەزارەت و سەرجەم فەرمانبەرا ن و خانەنشینان وسودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیی) لەو بانکە حکومیە فیدراڵییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کاردەکەن.

٢- حکومـەتی هـەرێمی کوردستان پابەنـدکراوە بـە پێشکەشـکردنی تـەرازوی پێداچوونـەوەی (میـزان مراجعـة)ی مانگانـە لـەو وادەی کـە فەرمانگەی ژمێریاریی لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ دیاریدەکات لەکاتی داواکردنی پارە هاوشێوەی وەزارەتە فیدراڵییەکان.

٣- پابەنـدکردنی سـەرۆك وەزیرانی هـەرێمی کوردسـتان بە ڕادەسـتکردنی سـەرجەم داهاتـە نـەوتیی و نانەوتییەکانی بە حکومـەتی فیدراڵ، بەگوێرەی یاسای ئیدارەی دارایی فیدراڵ، بەو مەرجەی دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێم وردبینی لەو ژمارانەدا بکات کە تایبەتن بەو داهاتانەوە، ئەمەش پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی ١٢ ی یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٣ی بودجەی گشتیی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٤- پابەندکردنی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەوەی دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هـەرێم وردبینی بکـەن لـەو هەژمارە بانکییانەی کە بۆ هـەرێم دەکرێنەوە لە بانکی ناوەندیی، هـەروەها وردبینی بکرێت بـۆ لیسـتی مووچـەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

بەڵام سەرباری ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، هێشتا کێشەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چارەسەرنەکراوە. کێشەکانی بەنیشـتمانیکردن (تـوطین)ی مـووچەو جیـاوازی هەردوو حکـومەت لەسـەر شـیکردنەوەی رادەسـتنەکردنی داهـاتی نەوتـیی و نـانەوتیی بەشـێوەیەکی تەواوەتـیی (ڕاپۆرتی درەو میـدیا، ئـابی ٢٠٢٤)، و تێکەڵاوکـردنی پـرسی مـووچە بەپرسـە سیاسـییەکان وایکـردووە کێشـەکە بەهەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە.

لەسەر بەردەوامی گرفتی مووچەی فەرمانبەرو مووچەخۆرانی هەرێم لەڕۆژی ٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠٢٥، د. لەتیف ڕەشید، سەرۆک کۆماری عێراق لە دادگای باڵای فیدراڵی سکاڵای یاسایی لەسەر محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران و تەیف سامی، وەزیری دارایی تۆمارکرد. ناوەڕۆکی سکاڵاکە چەند خاڵێکی سەرەکییە، وەک: داواکراوە دادگای باڵای فیدراڵی فەرمانی بەپەلە دەربکات بۆ خەرج کردنی

مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام و بەبێ راوەستان. هەروەها داواکراوە بابەتە هونەرییەکانی وەکو تەرازووی پێداچوونەوە، وردبینی و چاودێریی کە ئەمانە رێکاری کارگێریی و هونەرین، نەبنە هۆکارێک بۆ دواخستنی مووچە. جگە لەچەند داواکارییەکی دیکە. **(Kurdistan24, 2025).**

لەوەڵامی سکاڵاکەی سەرۆک کۆماردا دادگای باڵای فیدراڵی ١٨ی شوباتی ٢٠٢٥، بڕیاردا بەرەتکردنەوەی داواکارییەکانی سەرۆک کۆماری عێراق، جگە لە بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەپێی رێنماییەکان کە لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە دەرچووە. (**المحكمة الاتحادية العليا، رقم الدعوى: ١٢/اتحادية/ ٢٠٢٥**).

گرفتی دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵییەوە، یەکێکە لەگرنگترین کێشەکانی نێوان بەغداد و هەولێر، لەدوایین نوسراوی وەزارەتی دارایی عێراق کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناردووە بڕیاری ئەوەی داوە کەچیتر ناتوانێت پارەی تەرخانکراو بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرێت، چونکە پشکی هەرێم لە بوجەی گشتی عێراق تەواو بووە. **(جمهورية العراق، وزارة المالية العراقية، (٢٠٢٥).**

لەوەڵامی ئەم وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان لە ٢٩ی ئایاری ٢٠٢٥ راگەیاندووە کە: "ئەو رێچکەیەی وەزارەتەکەتان (وەزارەتی دارایی عێراق) گرتوویەتەبەر، لە دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستنی خەرجی کردەیی (الانفاق الفعلی)، دژی بنەماکانی دەستووری عێراقە، دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان پێویستە پشت بە داهاتە فیدراڵییەکان ببەستێت نەک خەرجیی کردەیی، هەروەها ئەوەی لە نووسراوەکەتاندا خراوەتەروو بریتییە لە: کۆمەڵێك ژمارە و بۆچوون لەسەر روانگەی ناوەندی و شیکردنەوەی یەکلایەنە". (**حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٩/ئایاری ٢٠٢٥**).

هەرچۆنێک بابەتی دابینکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەپێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری لێدراوە کە دەبێت لەململانێ سیاسییەکان دوور بخرێتەوە، بەڵام تائێستا (حوزەیرانی ٢٠٢٥) ئەم گرفتە بەردەوامیی هەیەو پرسی مووچە وەک فشاری سیاسی لەلایەن حکومەتی عێراقەو بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت.

دوای خوێندنەومان بۆ ئەو چەند بڕیارەی دادگای فیدراڵی، جگە لە بڕیاری هەڵوشاندنەوەی یاسای نەوت وغاز، هەر هەموویان لەسەر داوای لایەنە کوردییەکان خۆیان بووە و خەڵکیش بە ناچاری روو لە بەغدا دەکەن و دەیانەوێت بە یاسا ئەو جۆرە سەروسەودایانەی لە هەرێم لەگەڵیاندا دەکرێت، سنوردار بکەن و چارەسەرێکیش بۆ گرفتەکانیان بدۆزنەوە. بەڵام بارودۆخی سیاسی و سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبنە کۆسپی سەرەکی لەنێوان جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی.

## دەرئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوەکەماندا بەم چەند ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین گەیشتین:

١- دادگای باڵای فیدراڵی باڵاترین دادگایە لە هەموو عێراق، گرنگترین کاری ئەم دادگایە چاودێریی لە سەر دەستوری بوونی یاسا پێرەوە کارپێکراوەکان دەکات.

٢- دادگای باڵای فیدراڵی لەبڕیاری هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زیادەرەویی کردووە لە پسپۆرییەکانی خۆیدا، واتە: زیادکردنی مادده لە پسپۆری دادگای باڵای فیدراڵی نییە، چونکە بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی ٦١ی دەستوری کۆماری عێراق کاری دەسەڵاتی یاسادانانە.

٣- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە هەڵوشاندنەوەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارێکی دەستوریی ویاسایی بوو، دەرئەنجام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بە کابینەی کاربەرێکەر واتە: حکومەت تەنها دەتوانیت کاروباری رۆژانەی خۆی بەرێوەببات بەبێئەوەی بتوانێت بڕیاری یاسایی چارەنووساز بدات.، هەروەها پرسی هەڵبژاردنی وسەرپەرشتیکردنی خولی شەشەمی پەرلەمان کوردستانی یەکلاکردەوە کە، لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە بەرێوەدەبرێت.

٤- بڕیاری دادگای فیدراڵی تایبەت بە هەڵوشاندنەوەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتایی بەئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هێنا. بەڵام ئەو بڕیارانەی پێشتر لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە درابوون کێشەیان بۆ دروست نابێت، چونکە بڕیارەکەی دادگای ماددەی ٢ لەیاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٩: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، بەهەڵەوەشاوە لەقەمداوە.

٥- لەئەنجامی کاریگەریی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵییەوە جوگرافیای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان لە یەک بازنەی هەڵبژاردنەوە بوو بە چوار بازنەی هەڵبژاردن، هەروەها ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ١١١ کورسییەوە بۆ ١٠٠ کورسی کەم کرایەوە. بڕیارەکە دادگای باڵا کاریگەری لەسەر ژمارەی کورسی پێکهاتەکان هەبوو بەوەی لە ١١ کوسییەوە کەمکرایەوە بۆ ٥ کورسیی و بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشکران.

## راسپاردەکان

١-دووبارە رێکخستنەوەی پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای دەستوری عێراق و هەموارکدنەوەی یاساکەی، بەتایبەتی لەبواری چاودێریی دەستوریی یاساکان و خۆنەخستنە سەرەوی دەسەڵاتی یاسادانان.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی شارەزا و پسپۆر لەبواری یاسای دەستوریی لەهەرێمی کوردستان و بۆ چاسەرو یەکلایکردنەوەی ئەو ماددانەی دەستوری کۆماری عێراق کە جێگەی مشتومڕن وەک ماددەی ١١١ و ١١٢، وەرگرتنی رای ئەو لیژنەیە وەک گوتاری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق فیدراڵ تایبەت بەبواری نەوت و گاز.

٣- ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی کاراو خاوەن دەسەڵات و بریار لەپارێزگاکان دروستبکرێن وکۆتایی بەو بۆشاییە یاساییە بێت کە ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێکەوتووە.

٤- بە بانکیکردنی (توطین) کردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەو بانکە فیدراڵییانەی کە باوەڕپێکراون.

## پەراوێزەکان

(*) برگەی دووەم لەماددەی شەشەمی یاسای ژمارە ٥ ساڵی (٢٠٢٣): یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە (مستحقات) داراییەکانی هەرێمی کوردستان -عێراق، لەداهاتە فیدراڵییەکان دەقی لەسەر ئەو داوە کە: "لەکاتی ئاگادارنەکردنەوەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەئاماددە نەبوونی بۆ دانوستان دەربارەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٣٠ رۆژ لەرێکەوتنی وەرگرتنی داواکارییەکەی هەرێم یان بەسەرچوونی ٩٠ رۆژ بەسەر دەستپێکردنی دانوستان بە بێ گەیشتن بەپێکهاتنێک لەنێوان هەردوولایەن یان رەتکردنەوەی داواکارییەکانی هەرێم بەشێوەیەکی ناشکرا یان ئاشکرا یان بە بێدەنگبوون لەئاستییەوە، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ئەو رێکارانەی بەگونجاویان دەبینێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی، بگرێتەبەر لەنێوانیشیاندا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و گاز بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم ئەو بەرکەوتانە کەوا حکومەتی فیدراڵی خۆی دەگرێت لەدانەوەیان چی بەر لەبەرکاربوونەوەی ئەم یاسایەوە بێت یاخود لەدوایی و ئاگادارکردنەوەی پەرلەمان لێیەوە). بۆ دەقی یاساکە بڕوانە ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان:

https://www.parliament.krd/business/legislation/

(**) دادگای فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە ٥ اتحادی لە٢٠٢١ لە سەر بنەمای سکاڵای ژمارە (١٥٥/ یەکخستنەکانی /اتحادیة لسنة ٢٠١٩) ئەنجومەنی پاریزگاکانی عێراق هەڵوشاندەوە.

(***) ئەو سێ فەرمانبەرە بریتی بوون لە (بوخاری جەمیل، عەدالەت رەحیم ، حەیدەر محەمەد).

## لیستی سەرچاوەکان


١- بریار ژمارە ١٠، (٢٠٢٣): بەردەوامبوونی ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و هەڵبژاردنی دوو ئەندامی تر. هەولێر: پەرلەمانی کوردستان.

٢-بڕیاری ژمارە ٥ی فیدراڵی لە ٢٠٢١ لە سەر بنەمای سکاڵای ژمارە : ١٥٥/ یەکخستنەکانی /فیدراڵی بۆ ساڵی ٢٠١٩.

دستوری کۆماری عێراق ، (٢٠٠٥).

٣- یاسای ژمارە ٢ی ساڵی (٢٠١٩): یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٤- یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی (٢٠٠٧): یاسای نەوت و گازی هە رێمی کوردستان عێراق.

٥- یاسای ژمارە ٣ی ساڵی (٢٠٠٩): یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦- یاسای ژمارەی ٢٣ی ساڵی (٢٠٠٧): یاسای دادوەری. هەولێر: پەرلەمانی کوردستان.

٧- جمهورية العراق، (٢٠٠٥) : قانون التعديل الأول: رقم ٣٠ لسنة ٢٠٠٥ لقانون المحكمة الاتحادية العليا.

٨- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٤): رقم الدعوى: ١٢/اتحادية.

٩- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠١٩): قرار العدد ٥٩: وموحدتها ١١٠/اتحادية.

١٠- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٣) قرار العد ٢٣٢ وموحداتها ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣/اتحادية.

١١- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٣): قرار العدد ٨٣: وموحدتها ١٣١و١٨٥/اتحادية.

١٢- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٣): قرار العدد ١٢٤/اتحادية.

١٣- جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣:، قرار العدد ٢٢٤ وموحدتها ٢٦٩/ اتحادية.

١٤- جمهورية العراق، مجلس القضاء الأعلى، الهيئة القضائية للانتخابات، (٢٠٢٤): القرار رقم ٣٥٥ بتاريخ ٢٠ أيار. بغداد.

١٥- جمهورية العراق، وزارة العدل، (٢٠٠٥): الوقائع العراقية، قرار العدد ٣٩٩٦، السنة ٤٦، ١٧ آذار.

١٦- جمهورية العراق،المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٢): جلسات المحكمة الاتحادية العليا، ١٨ كانون الثاني.

١٧- قانون رقم ١٣ لسنة (٢٠٢٣): الموزانة العامة الحكومة الاتحادية لجمهورية العراق للسنوات المالية (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥)، الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، العدد ٤٧٢٦، ٢٦ حزيران ٢٠٢٣.

١٨- قانون رقم ٥ لسنة (٢٠١٣): قانون تحديد واستحصال المستحقات المالية لاقليم كوردستان – العراق من الواردات الاتحادية.

١٩- اميرلي، فلوريان و زامل، داليا، (٢٠١٨): النفط والغاز في كردستان العراق: مراجعة لقوانين التصدير، بغداد، ترجمة وتحرى: مركز البيان للدراسات والتخطيط.

٢٠- شكري، علي يوسف، (٢٠١٧): المحكمة الأتحادية العليا في العراق بين عهدين، بغداد، الذاكرة للنشر والتوزيع.

٢١- حسن، ميسم محمد، (٢٠٢٥): مقاعد كوتا الاقليات في اقليم كردستان العراق، بغداد، مركز البيدر للدراسات والتخطيط.

٢٢- عبدالعالى، أمجد صباح، (٢٠٠٨): عقود البديلة لاتفاقيات المشاركة الانتاج لتطوير القطاع النفطي في العراق، مجلة العلوم الاقتصادية، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة البصرة، ٥ (٢١).

٢٣- علي، نصيف جاسم و عبدالرضا، نبيل جعفر، (٢٠١٨): التحليل الاقتصادي للعقود النفطية في اقليم كوردستان، مجلة العلوم الاقتصادية - جامعة البصرة، ١٣ (٥١).

24- Dirri, A., 2019. The Iraqi Federation and the Kurdistan Regional Government: the conflict between communal and oil and gas policies. Perspectives on Federalism, 11(1). Centro Studi sul Federalismo (CSF) & Istituto di Studi Federalisti “Altiero Spinelli.”

٢٥- PUKmedia، (٢٠١٤): ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم:

https://www.pukmedia.com/AR/details/?Jimare=

٢٦- PUKmedia، ٢٠٢٤: زیاد جبار: سکاڵاکەمان لە دادگای فیدراڵی دەستوورییە. ٢١ی شوبات.

https://www.pukmedia.com/KS/Details/199480

٢٧- بارزانی، نێچیرڤان. (٢٠٢٣): هیوادارین رێککەوتنی هەولێر و بەغدا ببێتە دەستپێکی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەش. رووداو نێت، ٤ی نیسان:

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0404202319

٢٨- بەرزنجی، شوان. (٢٠١٩): پرۆژە وەستاوەکان پارەیان بۆ دابین کراوە و ساڵی داهاتوو تەواو دەکرێن. باس نیوز، ٢٧ی تشرینی دووەم:

https://www.basnews.com/so/babat/563950

٢٩- پەرلەمانی کوردستان، (٢٠٢٢): مێژووی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم (٢٠١٨)، رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، ژمارە ٢٩٣، ٢ کانون یەکەم:

https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term

٣٠- پەرلەمانی کوردستان، (٢٠٢٢): یاساکانی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان. بەردەستە لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان: https://2u.pw/Izy2d
٣١- پەرلەمانی کوردستان، (٢٠٢٣): بە دەنگی ٥٨ پەرلەمانتار کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان کارا کرایەوە. ٢٢ی ئایار:
https://www.parliament.krd/news/posts/2023/may/danishtny-parlamany-kurdstan-barewechu/ /
٣٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠٢٥): وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان وەڵامی وەزارەتی دارایی عێراق فیدراڵ دەداتەوە. ٢٩ی ئایار:
https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/2025/may/
٣٣- درەو میدیا، ڕاپۆرت، (٢٠٢٤): ساڵێك دوای ڕاگرتنی نەوت، ٢٥ی ئازار:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14864
٣٤- درەو میدیا، ڕاپۆرت، (٢٠٢٤): بڕ و قەبارەی مووچە خەرجنەکراوەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. ١٢ی تشرینی یەکەم:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15968
٣٥- درەو میدیا، ڕاپۆرت. (٢٠٢٤): هەرێم زیاتر لە ٢٣٠ ملیار دیناری ڕادەستکردووە. ٢ی ئاب:
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15452
٣٦- درەو میدیا، ڕاپۆرت، (٢٠٢٥): پرسی موچەو داهاتەکانی حکومەتی هەرێم دوای ڕاگرتنی نەوت. ٥ی تەمووز. https://2u.pw/0pW7G
٣٧- ڕاگەیێنراوەی هەر چوار سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:
https://presidency.gov.krd/ar/statement-issued-by-the-joint-meeting-of-the-
٣٨- ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٥١١)، بەرواری ٣٠ ئەیاری ٢٠٢٢:
https://gov.krd/dmi-ar/activities/news-and-press-
٣٩- ڕاگەیێنراوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان:
https://gov.krd/mnr-ar/activities/news-and/-
٤٠- ڕەحیم، هێمن بابان، (٢٠٢٣): یەکێتی لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دوو سکاڵای تۆمار کرد، ٧ی تەممووز:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan
٤١- قادر، هەستیار، ٢٠٢٥: ڕێککەوتنی نووسراو و شێوازی ڕادەستکردنی نەوت بەریەستی بەردەم ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان هەولێر و بەغدایە، ١ی تەموز: لەسەر ماڵپەڕی ڕووداو: https://www.rudaw.net/sorani/business/010720253?utm_source=chatgpt.com
أكتوبر: على BBC News بالعربي ، على الرابط:
https://www.bbc.com/arabic/multimedia/2014/10/141022_iraq_kurdistan_economy
٤٣- بحضور رئيس الوزراء الاتحادي ورئيس حكومة إقليم كوردستان، (٢٠٢٣): التوقيع على اتفاق لاستئناف تصدير النفط. على الموقع الرسمي لحكومة إقليم كردستان، على الرابط:
https://2u.pw/wNyH4ZM
٤٤- البدري، احمد طلال عبد الحميد، (٢٠٢٣): الاتحادية العليا والرقابة على دستورية تشريعات اقليم كوردستان. ١ نوفمبر. على موقع المحكمة الاتحادية العليا ، على الرابط:
https://iraqfsc.iq/news.5065/
٤٥- الجزيرة نت، ٢٠٢٣: المحكمة الاتحادية بالعراق تحكم بعدم دستورية تمديد عمل برلمان إقليم كردستان. ٣٠ أيار. على موقع الجزيره نت، على الرابط: https://2u.pw/wzIR0
٤٦ - جمهورية العراق، وازارة المالية. (٢٠٢٥): كتاب رقم ١٥٤٠٣، ٢٨ آيار: على الرابط:
https://baghdadtoday.news/275199-.html
٤٧ جمهورية العراق،المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٢: جلسات المحكمة الاتحادية العليا، ١٨ كانون الثاني. على الرابط: **https://www.iraqfsc.iq/archivenan.php**

٤٨ جمهورية العراق،المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣: جلسات المحكمة الاتحادية العليا، يوم٣٠ . على الرابط: **https://www.iraqfsc.iq/archivenan.php**
٤٩- الحاج، نصار و الزبيدي، نور، (٢٠٢٣): الاتفاق النفطي: السوداني يطوي معضلة العشرين عاماً مع إقليم كردستان، ٤ نيسان: على موقع وكالة الانباء العراقية، على الرابط:
https://www.ina.iq/182160--.html
٥٠- شبكة أخبار العراق، (٢٠١٤): المحكمة الاتحادية: من حق كردستان تصدير النفط. ٢٨ حزيران. على الرابط: https://2u.pw/qb56Q
٥١- صحيفة الشرق الاوسط، (٢٠٢٣): العراق يكسب قضية تحكيم دولية بوقف صادرات النفط من كردستان. على موقع صحيفة الشرق الاوسط، على الرابط:
https://2u.pw/UEzEhV
٥٢- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ٢٠١٤. نتائج انتخابات مجالس المحافظات في إقليم كردستان، ٢٢ أيار. على موقع الاتحاد الديمقراطي الوطني، على الرابط:
https://www.idu.net/mod.php?mod=news&modfile=item&itemid=30041
٥٣- المجلس الإقليمي لشؤون النفط والغاز. (بدون سنة نشر). أسئلة وأجوبة: إقليم كوردستان العراق – قطاع النفط والغاز. منشور على الموقع الرسمي لحكومة إقليم كوردستان – العراق:. https://2u.pw/ja1lx1
٥٤- المهيدي، كامل، (٢٠١٢): قراءة في عقود أقليم كردستان النفطية – مقارنة مع عقود وزارة النفط، على موقع شبكة الاقتصاديين العراقيين، على الرابط:
https://2u.pw/eWro2n
٥٥- إذهيب، علي كريم، ؛(٢٠٢٣): ما تأثيرات كسب العراق قرارا دوليا ضد تركيا لتصدير نفط إقليم كردستان؟ على موقع الجزيرة نت، على الرابط:
https://2u.pw/2Uyeii
٥٦- مركز الإمارات للسياسات، وحدة الدراسات العراقية، (٢٠٢٢): الدور المتعاظم للمحكمة الاتحادية في العراق وأثره السياسي. ١٧ شُباط. على الرابط:
https://www.epc.ae/ar/details/brief/aldoar-alamtaazm-llamuhkamah-alathadiah-fi-alaraq-wathrah-alsaiasai
٥٧- مهدى، غازي فيصل، ٢٠٢٤: قرار محكمة التميز الاتحادية المرقم (٤/الهيئة العامة/٢٠٢٤) في ٢٩ أيار ٢٠٢٤ في الميزان. علة موقع مجلس القضاء الأعلى، على الرابط:
https://2u.pw/6NMYx
٥٨- مهدى، غازى فيصل، (٢٠١٤): ملاحظات على اختصاصات المحكمة الاتحادية العليا، ١٤ نيسان: على موقع مجلس القضاء الاعلى، على الرابط:
https://sjc.iq/view.2376/
٥٩- هيئة الاحصاء ونظم المعلومات الجغرافية، (٢٠٢٤): معدلات البطالة والنشاط الاقتصادي للاعمار( ١٥- ٢٤سنة ) للسنوات ٢٠١٤و ٢٠١٦و٢٠٢٤. على الرابط:
https://cosit.gov.iq/ar/2013-01-31-08-48-55

٦٠- وزارة النفط العراقية، ٢٠٢٣: بعد كسب العراق دعوى التحكيم في قضية تصديرالنفط عبرتركيا وزارة النفط ترحب بقرار هيئة التحكيم التابعة لغرفة التجارة الدولية في باريس، ٢٥ آذار: على الموقع الرسمي للوزارة، على الرابط: https://oil.gov.iq/?page=1452

٦١- الوكالة الوطنية العراقية للانباء، ٢٠٢٣: خبير قانوني :قرار المحكمة الاتحادية العليا بانهاء عمل مجالس محافظات اقليم كردستان مطابق لاحكام الدستور والقوانين ذات العلاقة . ٢٥ سپتمبر. على الرابط: https://ninanews.com/Website/News/Details?key=1079643&utm_source=chatgpt.com

62- APIKUR, (2023): APIKUR calls for continued tripartite talks to restore oil exports through the Iraq-Türkiye *Pipeline*, 22 Sep> Available at: https://www.apikur.uk/publications/apikur-calls-for-continued-tripartite-talks to-restore-oil-exports-through-the-Iraq-turkey-pipeline/.

63- Jeffrey, J. F., & Wahab, B. (2018). Putting Iraq-KRG oil relations on solid legal ground. The Washington Institute for Near East Policy, Jul 19. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/putting-iraq-krg-oil-relations-solid-legal-ground

64- Gurbuz, E, (2013): Turkey's halt on Iraqi oil exports is shaking up global markets. Foreign Policy Magazine, 25 August. Available at: https://foreignpolicy.com/2023/08/25/turkey-iraq-krg-oil-pipeline-ceyhan-export-erdogan-embargo.

65-Grover, N., 2024. *A year after Iraq-Turkey pipeline halt, no progress to resume flows.* Reuters, 24 March. Available at: www.reuters.com/business/energy/year-after-iraq-turkey-pipeline-halt-no-progress-resume-flows-2024-03-24/?utm_source=chatgpt.com.

66- Kurdistan24, 2025: Iraqi President files lawsuit against Iraqi Prime Minister to ensure salaries for Kurdistan Region civil servants, 9 February. Available at: https://www.kurdistan24.net/en/story/823982/iraqi-president-files-lawsuit-against-iraqi-prime-minister-to-ensure-salaries-for-kurdistan-region-civil-servants

67- Rudaw, (2024): Kurdistan oil export halt causes $21 billion in losses: APIKUR, 12 October. Available at: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/12102024?utm_source=chatgpt.com

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-31

# Assessing the Legal and Political Consequences of the Federal Supreme Kurdistan Region. Court of Iraq's Rulings on the

**Yasin Ashur Jawhar[1], Dlshad Ali Mahmud[2]**

1- Geography Department, college of Education, Garmian University, Kurdistan Region - Iraq
2- Business Administration Department, Kalar Technical Institute, Garmian Polytechnic University, Kurdistan Region - Iraq

## Article Info

| **Received:** | May, 2025 |
|---|---|
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Agust, 2025 |

## Keywords

**Federal Supreme Court of Iraq, Kurdistan Region, Oil and Gas Law of the Kurdistan Region, Kurdistan Parliament, Kurdistan Parliament Elections Law - Iraq**

## Corresponding Author

Yasin.ashur@garmian.edu.krd
kkdlshadali@gmail.com

## Abstract:

In recent years, the Federal Supreme Court of Iraq has assumed a pivotal role in adjudicating critical constitutional disputes, particularly those involving the Kurdistan Region. The Court has rendered several landmark decisions that have profoundly influenced the legal and political landscape of the region. These include the invalidation of Law No. 22 of 2007 concerning the Oil and Gas sector of the Kurdistan Region, the ruling on the constitutionality of Law No. 12 of 2022 regarding the extension of the fifth term of the Kurdistan Parliament, and the interpretation of Article 2 of Law No. 2 of 2019 (the First Amendment to the Kurdistan Region Provinces Law, No. 3 of 2019). Furthermore, the Court has addressed significant fiscal disputes, particularly regarding the payment of salaries for public sector employees and pensioners within the Kurdistan Region.

The ramifications of these decisions extend beyond the courtroom, exerting considerable legal and political influence over the governance of the Kurdistan Region. This study endeavors to critically examine the scope and implications of the Federal Supreme Court's interventions, assessing their alignment with constitutional principles and their impact on regional autonomy.

Key findings of this research indicate an expansion of the Federal Supreme Court's jurisdiction, particularly in relation to the legislative framework governing the Kurdistan Parliament elections. Notably, the Court's rulings have restructured the electoral geography of the Kurdistan Parliament's sixth legislative term, transitioning from a single constituency to four distinct electoral districts. This restructuring also resulted in a reduction of the number of seats allocated to minority communities.

Additionally, the study proposes several essential recommendations, including the reorganization of the Federal Supreme Court's composition in conformity with the Iraqi Constitution, the implementation of elections for the provincial councils in the Kurdistan Region, and the centralization of public sector salary disbursement through federally supervised financial institutions to ensure transparency and accountability.